تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

# خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5683) چوارشەممە 30ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

## لەسەر داوای یەکێتی کۆبوونەوەی دوێنێی پارتی و یەکێتی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا

بڕیار بوو دوێنێ سێشەممە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوەی هاوبەش لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت لە هەولێری پایتەخت ئەنجام بدەن، بەڵام دواتر ڕاگەیەندرا کەوا کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لە کاتژمێر یازدەو نیوی دوێنێ سێشەممە 2019/1/29 مەکتەبی سیاسی یەکێتی پەیوەندیان کردووە بە مەکتەبی سیاسی پارتییەوە و داوای دواخستنی کۆبوونەوەکەیان کردووە. بۆیە کۆبوونەوەی بڕیار لێدراوی هاوبەش، لەسەر داواکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دواخراوە.

## مەسەدە: هەولێر ڕۆڵی گرنگی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت

**K24/** هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) ڕایدەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان دۆستی نزیکەی ئەوانە و دەتوانێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و سەرپەرشتی ڕێککەوتنێکی نوێ بکات، هاوشێوەی ڕێککەوتنی هەولێر.

ڕیاز دەرار، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان دۆستی ئێمەیە و پەیوەندی باش لەنێوانماندا هەیە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە یەکتر نزیک بکاتەوە، وەک دەزانین دوای ڕێککەوتنی حزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر ڕەوشی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان باشتر بوو، بۆیە ئێستاش پێویستە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە بەسەرپەرشتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی فورات بکەن، دڵنیام ئەنجامی باشی دەبێت.

## 100 ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت

8



## ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس کێویکە لە مێژووی میللەتەکەمان

3

# فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی هۆشداریی لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەدات

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی هۆشداریی لە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ناوی دیکە، دەدات. بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، کە سیستەم و عەقڵییەتی حوکمڕانیی عێراق هاندەرە بۆ دروستبوونی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە. بابەکر زێباری هەروەها ڕایگەیاندووە، هەرچەندە داعش بەشێوەی دەسەڵات نەماوە و خاکی لەبەردەست نییە، بەڵام بەشێوەی گرووپ گرووپ دەردەکەون و کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

سوپاسالاری پێشووی عێراق هۆشداری داوە لەوەی ئەگەر عەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراق نەگۆڕێ و کۆتایی بە جیاوازیکردن لەنێوان پێکهاتەکانی سوننە، شیعە و کورد نەهێندرێ، ئەوا داعش و گرووپی تیرۆریستی دیکە بە هەمان ناو و ناوی جیاوازیش سەرهەڵدەدەنەوە. چەند مانگێکە تیرۆریستانی داعش لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، ئەنبار، سەلاحەدین و دیالە دەستیان بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە، لەکاتێکدا لە مانگی 12ی 2017 حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق کۆتایی پێ هێنانی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە دزەیان کردە ناو خاکی عێراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

## پڕۆژەیەک بۆ لکاندنی هەرێمی سوننەی عێراق بە ئوردن پێشکەش دەکرێت

5





## وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێک بۆ باشتر ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان بەکاردەخات

8



## لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی ئەمەریکی دادەمەزرێ

2

# حەشدی شەعبی تلکێف تەعریب دەکات

**K24/** حەشدی شەعبی نزیکەی 400 خێزانی عەرەبی هێناوەتە ناو شارۆچکەی تلکێف لە خانووی کریستیانەکانی نیشتەجێکردوون. قائیمقامی تلکێف ڕایگەیاند، هێنانی خەڵکی دیکە، ئاستەنگە لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵکی تلکێف و هەروەها جگە لەمە بە هۆی بوونی گرتووخانەیەک تایبەت بە چەکدارانی داعش، کە 1500 چەکداری تێدایە، مەترسی لەسەر شارۆچکەی تلکێف و دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دروستکردووە. لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕوویان لە ناوچەکە کردووە و سەرەڕای کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی داعش لەو ناوچانە، تا ئێستا ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە ناسەقامگیرە و هاووڵاتیانی ئاوارەبووی ناوچەکە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.





## بەفەرمی و بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق شەترەنج وەک وانەیەک لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکان دەخوێندرێت

14

## ئەمڕۆ یەکێتی ئەورووپا تاوتوێی پلانی "باری بەپەلە" بۆ ڕێککەوتننامەی برێکسیت دەکات

یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەدا لەبارەی برێکزیت تاوتوێی "پلانی بەپەلە" دەکەن. گوتەبێژی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا، مارگاریتس شیناس لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە 27 وڵاتی ئەندام لەسەر ڕێککەوتنامەی برێکزیت ڕێککەوتوون و ئیتر ناکرێت دانوستان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە بکرێت. شیناس راشیگەیاند کە یەکێتی ئەورووپا لە دوای دەنگدان لەسەر پلانی بی لە پەرلەمانی بەریتانیا، چاوەڕێی پێدانی زانیاری لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو دەکات. گوتەبێژی کۆمسیۆنی یەکێتی ئەورووپا، مارگاریتس شیناس ئەوەیشی ڕاگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەدا لەبارەی برێکزیت تاوتوێی "پلانی بەپەلە" دەکەن. هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی بەریتانیا ڕێککەوتنی برێکزینی ڕەتکردەوە کە لە مانگی تشرینی دووەم لە نێوان سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مەی و یەکێتی ئەورووپا واژوو کرابوو.